دیمانە: ابراهیم عەلی و
هەلگورد سەمەد
فۆتۆ : هەلگورد

**سەعدی ئەحمەد پیرە :**

**راپۆرتی ئەمنی بووەتە بازاڕێك و زۆر كەس نانی پێ پەیدا دەكات.**

**مەسئولە ئەمنییەكان مەلەفاتیان بۆ زۆر كەس دروست. كردووە، تا ئێمەش دێین دەیسەلمێنین كە ئەوە (خەسەن) نییە (حەسەن)ـە، ئەوا كاتی دەوێ**

له سەردەم و قۆناغە جیاوازەكانی مێژووی كوردستان بەتایبەت لە دوای راپەڕین حیزبەكان و حكومەتە جیاوازەكانی كوردستان بە شێوەیەك لە شێوەكان خۆیان دزیوەتەوە لە پرسیارە جددییەكان و ئامادەیی وەڵامدانەوەیان نەبوو، بەتایبەت بۆ میدیاكان و هەمیشە پاساوی وەڵامدانەوەی پرسیارە چارەنووسسازەكانیان بەستووەتەوە بە ئاسایشی نیشتمانیەوە بۆ ئەوەی كەس جورئەتی وروژاندن و قسە لەسەر كردنیان نەكات، لێرەدا ویستوومانە بە جەریئانە و راستگۆیانەوە بێ پێچ و پەنا كۆمەڵێك پرسیاری جددی لەسەر مەسەلەی شەفافیەت لە كوردستاندا بورووژێنین لەگەڵ بەڕێز (سەعدی ئەحمەد پیرە) ئەندامی م.س و بەرپرسی مەڵبەندی (3)ی رێكخستنی هەولێری یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان:

- شەفافیەت واتا ئاشكراكردنی نهێنی، یاخود دركاندنی هەندێ راستی؟

+ نەخێر شەفافیەت مانای ئەوە نییە كە بچیت بۆ هەموو شتێك لە مزگەوت هاوار كەی، ئەگەر مەبەست لە شەفافیەت حوكمڕانییە، ئەوا حوكمڕانی جانبی نهێنی و ئاشكرای هەیە.

عادەتەن كۆبوونەوەكانی پەرلەمان دەبێ لە بەرچاوی راگەیاندن بێت، بۆ ئەوەی خەڵك ئاگاداری ئەو شتانە بێت كە لە پەرلەمان باسی لێوە دەكرێ، لەگەڵ ئەوەشدا جاری وا هەیە پەرلەمان دانیشتنی نهێنیی هەیە.

بەڵام ئەكید دەبێ لەسەر مەسەلە خزمەتگوزارییەكان بێ مەرج شەفاف بین و خەڵك بزانێ داهات چەندە و لە چیدا سەرف دەكرێ و چەندی ماوە و ئەوەی ماوە چیی لێ دەكرێ.

- پێت وا نییە تا ئێستا لە سەرفكردنی بودجەدا شەفاف نین؟ ئێمە رەنگە بزانین بودجەی حكومەت چەندە، بەڵام نازانین ئەو بودجەیە چیی لێ دێ و لە چیدا سەرف دەكرێ ؟

+ كەس ئاگای لێیە، بەڵام نەكراوە بە نامیلكەیەك و لە رێگەی كۆنفرانسێكی رۆژنامەگەرییەوە ئاشكرا نەكراوە، بەڵام بەو شێوەیەی كە مەبەستە شەففەفیەت هەبێ، بەڵێ تا ئێستا لە ئیدارەی هەرێمی كوردستان بەو شێوەیە شەفافیەت نەبووە.

- ئەوە زانیمان بودجەی حكومەت چەندە و ئەگەری ئەوەش هەیە كە ئەو بودجەیە لە شوێنی خۆیدا سەرف بكرێ، بەڵام تا ئێستا كەس نازانێ بودجەی حیزبی دەسەڵات چەندە و هەر مەڵبەند و لق و ناوچە و كۆمیتەیەك بودجەی چەندە؟

+ ئەوەیان دیارە، چونكە هەر حیزبێك و بەپێی حەجمی خۆی كە بەشدارە لە حكومەت و پەرلەماندا بودجەی هەیە، بەڵام راستەوخۆ مەڵبەند و لق بودجەی دیار نییە.

- بەڵام بە ئاشكرا دیار نییە پارتی و یەكێتی هەریەكەیان بودجەی چەندە؟

+ تا پێش (5/7)ی ئەمساڵ هەریەكەمان بۆ خۆمان حوكممان كردووە، بەڵام ئێوە نابێ پێداگری بكەن لەسەر ئەو مەسەلەیە، چونكە ئێمە ئەگەر بە ناوی بودجەشەوە وەری نەگرین، دەتوانین بە سەدان ناوی تر پارە وەرگرین و كەسیش ئاگای لێ نەبێ، چونكە ئەو دوو حكومەتە دوو حكومەت نەبوون كە پەرلەمان

موسادەقەی کردبن، بەڵکو دوو حکومەت بوون تەحەممول کرابوون بە پێی ئەمری واقیع.
- پێت وا نییە نەبوونی شەفافیەت لە کوردستان جگە لەوەی حاڵەتێکی ئیستیسنائی بووە، بۆ نمونە دوو ئیدارەیی سەرەڕای ئەوەش پاشماوەیەکی بەجێماوی دیکتاتۆریەتە، کە بووەتە کلتورێك کە باس لە بودجە نەکرێت لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا؟
+ شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە پاشماوەی کلتور و ڕۆشنبیری ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ تا ئێستاش لە نێو دەزگاکانی ئێمەدا ماوە.
- لە هەولێر کۆمەڵێك ناوچە و کۆمیتە و ڕێکخراو هەیە و لە هەندێ ناوچەی پارتی ژوورێك کراوەتەوە بە ناوی ئاسایش و دێن خەڵك بانگ دەکەن و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەن، ئەمە چەندە شتێکی یاساییە؟
+ لە ئەساسدا بارەگای حیزبە سیاسییەکان کە بەشدارن لە پرۆسەی سیاسیدا پێویستە بارەگاکانیان دوور خەنەوە لەو کارە، بارەگای حیزبەکان دەبێت ببێت بە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و ببنە نوێنەری خەڵك.
ئەگەر تا (5/7) پارتی لە دهۆك و هەولێر و یەکێتی لە سلێمانی خۆیان بە حاکمی موتڵەق و کوێخای ئەو شوێنانە داناوە تا (5/7) ڕاستە، بەڵام لە (5/7)ەوە هیچ لایەك لە هیچ شارێك هیچمان لە یەکتری زیاتر نییە.
من دەزانم لە هەولێر شت کراوە وەکو دابەشکردنی زەوی لە بنەسڵاوە و لە گوێڕیش شت کراوە و لە هەولێریش تا ئێستا هەوڵی ئەوە دەدەن کە فشار لەسەر خەڵك دروست بکەن کە خەڵك ببێت بە حیزبێکی دیاریکراو و نەبێت بە حیزبێکی تر، بەڵام ئەوە ئەکید لێی بەجواب دێین و دەبێ ئەو کارە قێزەونانە گۆڕانکاریی بەسەر دابێ و، ئەگەر بمانەوێ ئەو وەعدە جێبەجێ بکەین کە بە سەرکردایەتیی سیاسیمان داوە لە (4/4)، ئەوا دەبێ ڕێکخراوە سیاسییەکانی بەشدار لە حکومەت دەبێ هاوکار بین لەگەڵ حکومەت، وەگەر بمانەوێ پشتگیری لە حکومەت بکەین، ئەوا دەبێ تەداخولی کاری حکومەت نەکەین، بە هیچ جۆرێك نابێ ئاسایش و پۆلیس بۆ مەرامی حیزبی بەکاربێن.
- دەبینین تا ئێستاش زیندانیی سیاسیی پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی تر لای یەکتر هەیە و کەس نازانێ ئەوانە لەسەر چی گیراون و چۆن دادگایی دەکرێن، یاخود ئەوانە دادگایی دەکرێن، زۆر جاریش سیاسییەکان بڕیار بەسەر دادگادا دەسەپێنن؟
+ ئەگەر یاسا سەروەرە، ئەوا دەبێ بۆ هەموو کەس سەروەر بێت، جگە لەوەی ئێمە ئەزموونێکی تاڵمان هەیە لەگەڵ کۆمەڵێ گرووپی تیرۆرستی، بەڵام نابێ وەك ئێستاش بێت. ئەگەر یەکێ دەگیرێ دەبێ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێ و بزانرێ لەسەر چی گیراوە، یا دەبێ حوکم بکرێ یا ئیفراج بکرێ.
ئەوەی ئێوە باسی دەکەن کە لەنێوان پارتی و یەکێتیدا هەن، ئەوا ژمارەیەکی کەمن و ئەوراقی نەوعێکی ترە یا بۆی دروست کراوە.
ئێمە دەزگای ئەمنیمان هەیە، دنیایەك پارە بەو هۆیەوە سەرف دەکرێ خۆ دەبێ کارێك بکات، بۆیە کەسێك دەگیرێ خۆ دەبێ کارێك بکات، بۆیە کە کەسێك دەگیرێ مەلەفاتی بۆ دروست دەکرێت تا بڵێین کار کراوە، بۆ نمونە کەسی وا گیراوە بە ناوی ئیسلامی کە بەحەیاتی ئیسلامی نەبووە و بگرە نوێژیش ناکات.
مەسئولە ئەمنییەکان مەلەفاتیان بۆ زۆر کەس دروست کردووە، تا ئێمەش دێین دەیسەلمێنین کە ئەوە (خەسەن) نییە (حەسەن)ـە، ئەوا کاتی دەوێ.
- هەست ناکەن خەلەلێکی ئەمنیمان هەیە؟ بۆ نمونە ڕاپۆرت نووسەکانی حیزب لە بەرامبەر هەر ڕاپۆرتێکدا کە لەسەر یەکێك دەینووسێ بیست دۆلار وەردەگرێت، ئەمەش وای کردووە هەندێ کەس هیچ کاریان نەبێت، تەنها ئەوە نەبێت شت لەسەر ئەم و ئەو دروست بکەن و بنووسن؟
+ ئەویان ڕاستە، بەڵام دەبێ ئێمەش هاوکاری دەزگا ئەمنییەکان بین و لەلایەکی ترەوە دەبێ ئێمەش دەستکاری هەیکەلی دەزگا ئەمنییەکان بکەین، لەڕاستیدا ڕاپۆرتی ئەمنی بووەتە بازاڕێك و زۆر کەس نانی پێ پەیدا دەکات